ئایا پارتی کۆمۆنیستەکان فەلسەفەی مارکسیان کوشت؟.. نووسینی: زەکەریا نمر.. و. لە عەرەبیەوە: یاسین لەتیف

لەگەڵ تێپەڕبوونی ١٠٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا، چیتر پرسیارە ناستەقینەکە ئەوە نییە کە ئایا کۆمۆنیزم سەرکەوت یان شکستی هێنا؟ چونکە ئەمە پرسیارێکە زیاتر سەر بە لۆژیکی سەرکەوتن و شکستهێنانە نەک مەعریفە. بەڵکو ئەو پرسیارەی شایەنی وروژاندنە ئەوەیە کە چۆن چین توانی لە دەوڵەتێکی وەرانبوو بەهەی جەنگ وهەژاری و برسێتییەوە، بگەڕێت بە یەکێک لە گەورەترین هێزە ئابووریەکانی جیهان لەژێر سەرکردایەتی پارتێکدا کە ئایدیای کۆمۆنیزمی بەرز کردووەتەوە، لە کاتێکدا زۆرێک لە ئەزموونە کۆمۆنیستییەکانی تر کۆتاییان بە هەرەسهێنان هات، یان کاریگەریی سیاسییەکانیان لەدەستدا، یان گەیشتە
بە پارتگەلێک کە زیاتر لەسەر شکۆمەندی ڕابردوو دەژین نەک دروستکردنی داهاتوو؟
ئەم پرسیارە نە بەدوای پیاهەڵدانی چیندا دەگەڕێت و نە بەدوای ئیدانەکردنی
کۆمۆنیزمدا، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییە ئاڵۆزەکەی نێوان فیکر و واقیع، نێوان ئایدیۆلۆژیا و دەوڵەت، و نێوان دۆق و مژوو. مژوو پاداشتی بیرکەرەکان نادات‌ەوە لەبەر ئەوەی جوانن، و سزایان نادات لەبەر ئەوەی ناشیرینن، بەڵکو تاقیکردنەوەیان بە دۆکات لەسەر توانای گونجانیان لەگەڵ واقیع و بەرهەمهێنانی دامەزراوەی کارامە.
دەوترێت چین سەرکەوت چونکە کۆمۆنیزمی بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ کرد، لە کاتێکدا ئەوانی تر شکستیان هێنا چونکە خراپ جێبەجێیان کرد. بەڵام ئەم وەڵامە خەی ڕەنگدانەوەی عەقڵییەتێکی ئایدیۆلۆژییە؛ چونکە لە بنەڕەتەوە وای دادەنێت کە تیۆرییەکە بە کەموکوڕییەوە هەڵەکە تەنها لە مرۆڤکاندایە. لەڕەوە کۆشکە دەست پێدەکات، چونکە
ئەو فیکرەی عاجزە لە لێپرسینەوە لە خەی، لە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە واقیعەوە

دەگەڕێت بۆ ئامرازێک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ واقیع. فەلسەفە لە گومانەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئایدیالیزیا لە دڵنیاییەوە. فەلسەفە دەپرسێت: بۆچی؟ چۆن؟ ئایا دەکرێت ئەمە هەبێ بین؟ بەڵام ئایدیالیزیا دەپرسێت: چۆن بیستالمئنین ئەوەی باوەڕمان پێیەتی ڕاستە؟ بۆیە جیاوازی نێوان فەیلەسوف و تەکنۆکراتێکی ئایدیالیزی لە زیرەکیدا نییە، بەڵکو لە هەوڵدەستیاندایە بەرانبەر بە ڕاستی. فەیلەسوف بەدوایدا دەگەڕێت، بەڵام ئایدیالیزی وا دەزانێت خاوەنیەتی. هەموو ئایدیالیزیایەک دژبە یەکییەکی مەترسیداری تێدایە. سەرەتا وەک هەوڵێک بۆ ڕاڤەکردنی جیهان دەست پێدەکات، پاشان بۆ هەوڵدان بەملکەچکردنی جیهان بۆ ڕاڤەکەی خۆی کۆتایی دێت.کاتێک ئەو ڕووداوانە، واقیع دەبێتە تەمەتبار نێک تیرییەکە. ئەگەر ئابووری شکستی هێنا، دەوترێت گەل لە پرەنسیپەکان تێنەگەیشتووە. ئەگەر دەوڵەت هەرەسی هێنا، دەوترێت پیلانگێڕی دژەکی هەکارەکییە. ئەگەر خەڵکی ڕاپەڕین، دەوترێت قوربانی پڕوپاگەندەن. بەڵام پێداچوونەوە بۆ خودی بیرۆکەکە، وەک حەرامکراوێک دەمێنێتەوە. مارکس لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕەخنەیەکی ڕیشەیی لە سەرمایەداری گرت و ئامرازی شیکاریی وای پێشکەش کرد کە تا ئێستاش لە ئابووری و کۆمەڵناسی و سیاسەتدا کاریگەرن. بەڵام مارکس دەستوورێکی ئەبەدی بە دەوڵەتان نەنووسی، و بانگەشەی ئەوەی نەکرد کە دەقەکانی کۆتایی مێژوون. پێژەکەی ئەو لە بنەڕەتدا ڕەخنەیی بوو، هەوڵی دەدا واقیع ڕاڤە بکات و شیکاری بکات. بەڵام زۆرێک لە پارتە کۆمۆنیستەکان ئەم پێژەیەیان گەیی بە سیستەمێکی داخراو؛ مارکسیزم لەمیتەدێکی ڕەخنەییەوە بوو بە عەقیدەیەکی سیاسی، و لە ئامرازێکی گەڕانکارییەوە بوو بە دەقگەلێک کە هەموو شتێک ڕاڤە دەکەن و ڕەگ بە کەس نادەن ڕاڤەیان بکات.مارکس خۆی شڕشگێڕ بوو دژی بنەماچەسپاوەکان، لە کاتێکدا لای هەندێک لەشوێنکەوتووانی بوو بە بنەمایەکی چەسپاو کە بات نییە لەی نزیک بیتەوە. ئەو پیاوەی داوای ڕەخنەگرتنی لە کۆمەڵگا دەکرد، لای هەندێکیان بوو بە کەسێک کە لە سەرووی ڕەخنەوەیە. بەم شێوەیە فەلسەفە گەڕا بە ئەرسەدەکسییەکی سیاسی، بیرکردنەوە گەڕا بەدووبارەکردنەوە، و داهێنانیش گەڕا بە لەبەرکردنی دەقەکان. پێپەر ئاگاداری کردینەوە لە مەترسی ئەو تیۆریانەی بانگەشەی خاوەندارێتی یاساکانی
مێژوو دەکەن، چونکە ئەوەی پەی وایە داهاتوو دەزانێت، ڕەنگە هەر هەکارێک بە گەیشتن پەی ڕەوا بکات. کاتێک پارتێک قەناعەتی وایە نوێنەرایەتی حەتمییەتی مێژوو دەکات، بەی ئاسان دەبێت کە ئەپەزسیۆن پڕاوێز بخات، چاکسازی دوابخات و ستەمکاری بەناوی

ئامانج
گۆرکەوە پاساو بدات. بەڵام هەڵوێستی گۆرە دەبێت ئاگاڕ
ئازموونی چین وەک بەڵگەی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم وەک
تیۆری دابنێین. چین بە دیلی جێبەجێکردنی حەرفی مارکسیزمی کلاسیک
نەمایەوە، بەڵکو جارێکی تر ڕاڤەی کردەوە بۆ شێوەیەک کە لەگەڵ
مۆژوو، کولتوور و پێکهاتە ئابووریەکەیدا بگونجێت. ئابووری
بازاڕی قبوڵ کرد، هاوبەرهێنانی تایبەتی دا، سوودی لە
جیهانگیری وەرگرت، و گرەوی لەسەر پەروەردە و توێژینەوەی زانستی و
تەکنەلۆژیا کرد، و شەرعیەتی پارتەکەی بەستەوە بە توانای
باشکردنی ئاستی بژێوی وبەدیهێنانی گەشەپێدان. لێرەدا پرسیارێکی
هەوا سەرهەڵدەدات: ئایا کۆمۆنیزم لە چین
سەرکەوت، یان پراگماتیزم (کردارگەرایی) بەسەر چەقبەستوویی
ئایدەلۆژیدا سەرکەوت؟ ئازموونی چین دێری دەخات کە دەوڵەت لەسەر
دروشم ناژی، بەڵکو لەسەر توانای فەربوون دەژی. چین زەرجار
سیاسەتی ئابووریەکانی گەیی کاتێک بۆی دەرکەوت هەندێک بژاردە
چیتر گونجاو نین. پاشکشە لە سیاسەتێکی دیاریکراوی بە خیانەت لە
عەقیدە دانەنا، بەڵکو وەک وەڵامدانەوەیەک بە پێداویستیەکانی
واقیع سێیری کرد. ئەم نەرمیە هەنگاوێکک
بەت لە گرنگترین هەکارەکانی سەرکەوتنی.
زەرێک لە پارتە کۆمۆنیستەکان پێداگریان دەکرد لەسەر ئاوەی
دەسزی دەق بن زیاتر لە دەسزیان بە کۆمەگا. خەریکی بەرگریکردن
بوون لە پاکژیی بیرەکەکە، لە کاتێکدا دەوڵەت دادەرزا، ئابووری
لاواز دەبوو، پەروەردە پاشکشەی دەکرد و گەنجە لێهاتووەکان کەچیان
دەکرد. کەنگرە حزبییەکان گەڵان بە گەڵپانی دووبارە
بەرهەمهێنانەوەی هەمان گوتار، نەک پێداچوونەوە بە سیاسەتەکان یان
هەڵخنەگرتن لە هەڵەکان. لە زەرێک لە ئازموونە ئۆفریقی و
عەرەبییەکاندا، کەشکە تەنها لە مارکسیزمدا نەبوو،
بەڵکو لەو ژینگەیەشدا بوو کە پارتەکان تێیدا کاریان دەکرد. لە
ناو دەوڵەتە
لاوازەکاندا گۆرە بوون، کە بەدەست دابەشبوونی خەڵکی و تائیفی و
لاوازی
دامەزراوەکان و قێرانی ناسنامەوە دیاننانەاند. لە ژینگەیەکی
ئاوادا، زەحمەتە هەر پەڕتیەکی سیاسی سەرکەووتوو بەت ئاگاڕ پێش
بونیادنانی ئایدەلۆژیا، دەست بە
بونیادنانی دەوڵەت نەکات. بەڵام خستنە ئاستەی بەرپرسیارێتی تەنها
بە ژینگە، جارێکی ترە لە ڕاکردن لە هەڵخنە؛ چونکە ژینگەی سەخت
قەدەرێک نییە هەگری لە سەرکەوتن بکات، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکە بە

لەهاتوویی سەرکردایەتی. چین خەشی لە بارودۆخێکی نموونەییدا دەستی پێ نەکرد، بەڵکو لە ناو جەنگی ناوخۆیی و داگیرکاری و هەژارییەکی فراوانەوە هاتە دەر. بەیە جیاوازییەکە تەنها بە بارودۆخەکان ڕاڤە ناکرێت، بەڵکو بە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو بارودۆخانەش. گرامشی درکی بەوە کردبوو کە دەسەڵات تەنها کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت نییە، بەڵکو بونیادنانی کولتوور و مەعریفە وەهشیارییە. بەیە هەر پارتێک پشتگوێی پەروەردە، زانکۆ، تەوژینەوەی زانستی و بەرهەمهێنانی کولتووری بدات، شکستی دەدەنەت تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیشی بەدەستەوە بێت. هەروەک چۆن ڕوونی کردەوە کە دامەزراوە پەروەردەیی و میدیایی و کولتوورییەکان بەشێکی یەکلاکەرەوە دەگۆڕن لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بیرکەکاندا، ئەمش وادەکات بونیادنانی مرۆڤ گرنگتر بێت لە
بونیادنانی تەنها ڕێکخستن. قەیرانی ڕاستەقینە تەنها قەیرانی چەپ نییە، نە قەیرانی ڕاستەو، نە لیبرالیزم یان
ناسیۆنالیزم یان ئیسلامی سیاسی. بەڵکو قەیرانی خودی "عەقڵی ئایدەلۆژی"یە؛ ئەو
عەقڵەی وا دەزانێت یەک کتێب دەتوانێت ڕاڤەی کۆمەڵگایەکی گەورە بکات، و تیۆرییەک کە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا لەدایکبووە، بە هەموو کات و شوێنێک دەست دەدات بە پەداچوونەوە. ئایدەلۆژیا کاتێک دەبێتە عەقیدەیەکی داخراو، لە فڕبوون پێککەوتە دەبێت. کاتێکیش لە فڕبوون پێککەوتە بوو، ناتوانێت سەرکردایەتی دەوڵەت بکات، چونکە دەوڵەت بە "دنیایی" بەڕێوە ناچێت، بەڵکو بە پەداچوونەوەی بەردەوام، دانان بە
هەڵکان، سوودوەرگرتن لە ئەزموون و توانای گۆڕینی سیاسەتکان بەڕێوە دەچێت.
نەتەوەکان لەبەر ئەوە هەڵناستنەوە چونکە باشترین تیۆرییان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی
باشترین دامەزراوەیان هەیە. دامەزراوەکانیش بە دەسەزی فیکری بونیاد نانرێن، بەڵکو بە کارامەیی، سەروەری یاسا، لێپرسینەوە و بەڕێوەبردنی ژیرانە و وەبەرهێنان لە مرۆڤدا بونیاد دەنرێن. بەڵام ئەو پارتی سەرکەوتنی خەی بە ژمارەی ئەو دروشمانە دەپێوێت کە بەرزیان دەکاتەوە، نەک بە ژمارەی ئەو قوتابخانانەی دەیانبینێت، یان ئەو نەخشانەی پەریان پێ دەدات، یان ئەو هەڵی کارانەی دەیەخسێنێت، ئەوا لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێت بە دامەزراوەیەکی پێوپاگەندەیی زیاتر وەک لە دامەزراوەیەکی سیاسی. گرنگترین وانەیەک کە چین پێشکەشی دەکات، چ کەک بین لەگەیدا یان نا،

ئەوەیە کە بیرکەکان شەرعییەتی خەیان لە جوانییە تیەریییکەیانەوە وەرناگرن، بەکو لە ئەنجامە کردەییکانیانەوە وەری دەگرن. سیاست تاقیکردنەوەی لەبەرکردنی دەقەکان نییە، بەکو هونەری بەوبردنی واقیعە. واقیعیش دان بە ئایدەلۆژیاکاندا نانێت، بەکو دان بەو کەسدا دەنێت کە لە تێگەیشتن و مامەکردن لەگەیدا سەرکەوتوو دەبێت. گەورەترین هەڵە کە نوخبە سیاسییەکان تێی بکەون، ئەوەیە کە وا بزانن سەرکەوتنی چین یەچەتییەکی ئامادەکراوە و دەکرێت بە هەر وەاتێک بگوازرێتەوە. هەر کەمەگایەک مەڕووە،
کولتوور، پێکهاتەی ئابووری و دامەزراوەی تایبەت بە خەی هەیە. بەیە چاوپێشی و
لاسایکردنەوەی حەرفی چین، هەنگە شکستی نوێ بێت، هەک وەک چەن لاسایکردنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە زەرەک لە ئەزموونەکاندا شکستی هێنا. ئەوەی داواکراوە کەپیکردنی ئەزموونەکان نییە، بەکو تێگەیشتن لە مەرجەکانی سەرکەوتنیان و خستنە ژێر ڕەخنەوەیە.
هەنگە نهێنی چین ئەوە نەبووبێت کە تیەرییەکی تەواوی دەزیوەتەوە، بەکو ئەوە بووە کە تیەرییەکەی نەکردووەتە زیندانەک کە هەگری لە بکات لە فەربوون. هەنگە هەکاری شکستی ئەزموونەکانی تریش ئەوە نەبووبێت کە تیەری هەیان هەبووە، بەکو ئەوە بووە کە وەک هاستییەکی کەتایی و بە پەداچوونەوە ماماەیان لەگەڵ تیەرییەکەدا کردووە. شارستانیەتەکان بە عەقیدەی چەقبەستوو دروست نابن، بەکو بەو عەقڵانەی دەوەرن پەداچوونەوە بە خەیاندا بکەن. نەتەوەکان لەبەر ئەوە ناڕووخێن چونکە هەیان کردووە، بەکو لەبەر ئەوەی پەداگریان کردووە لە گەینی هەڵە بە عەقیدە، گەینی عەقیدە بە قەدەر، و گەینی قەدەر بە چارەنووسەک کە بێت نییە بیر لە گەینی بکەیتەوە. هاستی نە موکی پارتەکە، نە فەیلەسوفەک و نە دەوەتەک. هاستی پەژەیەکی مرۆیی کراوەیە، بە ڕەخنە زیاتر بەرەو پێش دەچێت وەک لە دنیایی، و بە پرسیار زیاتر وەک لە دروشم. ئەمەش، هەنگە، گەورەترین دژبەیەک بێت کە مەڕووی هەموو ئایدەلۆژیاکان دەری دەخەن.

نووسینی: زەکەریا نمر